vicroads

پەڕەی زانیاریی

# کڕین و تۆمارکردنی ئۆتۆمبیلێک

## پێش کڕین

- ئێوە دەبێت خزمەتگوزاریی گەڕانی تۆمارکردنی ئۆتۆمبیلی VicRoads بپشکنن. ئەم خزمەتگوزارییە بەخۆڕاییە، و هەلی پەسەندکردنی بارودۆخی تۆمارکردنی ئۆتۆمبیلەکان، ماتۆڕەکان، لۆریەکان، ترەیلەرەکان و کاروانەکان لە فەرمانگەی تۆمارکردنی ڤیکتۆریا بۆ ئێوە دابین دەکات. گەڕان لە خزمەتگوزاریی تۆمارکردنی ئۆتۆمبیلی ئێوە ئەو هەلە دەڕەخسێنێت کە لەسەر بڕوادار بوون، بەسەرچوون، کەوتنە ناو ڕەوشی هەڵاواسراویی یان هەڵوەشاندنەوەی تۆمار، هەندێ زانیاریی دەستەبەر بکەن. ئێوە هەروەها دەتوانن هەندێ زانیاریی لەسەر ئۆتۆمبیل، وەک ژمارەی پێناسی ئۆتۆمبیل یان ژمارەی شاسی، ژمارەی ماتۆڕ، یان جۆر، ڕەنگ، جۆری قاپلۆخ یان ساڵی بەرهەمهێنانی بۆ یارمەتیدانی پەسەندی شوناسی ئەوە بە دەست بهێنن. ئێوە دەتوانن خزمەتگوزاریی گەڕانی تۆمارکردنی ئۆتۆمبیل بە سەردانی **vicroads.vic.gov.au** بپشکنن.
- ئێوە هەروەها دەتوانن تۆمارکردنی وەرەقە بەهادارەکانی خاوەندارێتی تاکەکەسی (PPSR) بپشکنن. ئەمە خزمەتگوزارییەکی نیشتمانییە کە لە جیاتی پارەدانی تێچوون، بۆ ئێوە ئەو هەلە دەڕەخسێنیت کە وردەکاریەکانی ئۆتۆمبیلێک پێش کڕینی بپشکنن. ئەگەر ئێوە بەڵگەیەکی گەڕانی تۆمارکردنی وەرەقە بەهادارەکانی خاوەندارێتی تاکەکەسی بکڕن، دەتوانن هەبوونی قەرزی داراییی (گرەو)، وردەکاریەکانی ئۆتۆمبیل (جۆر و مۆدێل)، بارودۆخی تۆمار، بارودۆخی دزران یان دارزیانی بدۆزنەوە. ئێوە دەتوانن PPSR لە ڕێگای پەیوەندی تەلەفۆنی بۆ ژمارەی 777 007 1300 یان **ppsr.gov.au** بپشکنن.

## کڕینی ئۆتۆمبیلێک کە تۆمار کراوە

### کاتی کڕینی ئۆتۆمبیلێکی تۆمارکراو ئێوە دەبێت:

- بەڵگەیەکی بڕواداریی لەسەر شیاویەتی بۆ لێخوڕین لە فرۆشیار وەرگرن.
- فۆرمێکی داواکاریی گواستنەوەی تۆمار لەلای فرۆشیار پڕ بکەنەوە. فۆرمەکە بە شێوەی سەرهێڵ لە **vicroads.vic.gov.au**، پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ 71 11 13، یان لە ناوەندێکی خزمەتگوزاریی مشتەری VicRoads وەرگرن.

### گواستنەوەی تۆمار بۆ ناوی خۆ:

- فۆرمێکی گواستنەوە بەتەواوەتی پڕەوکراو، بەڵگەی توانستی لێخوڕین و تێچوونەکان لە ماوەی 14 ڕۆژ پاش فرۆتن پێشکەشی VicRoads بکەن. ئێوە دەتوانن ئەم کارە بە ناردنی هەموو بەڵگەکانی پێویست و تێچوونەکان (چەک یان حەواڵە) بۆ VicRoads، بە ناونیشانی GPO Box 1644, Melbourne 3001، یان بە سەردانی ناوەندی خزمەتگوزاریی مشتەری VicRoads جێبەجێ بکەن.
- کاتێ کە ئۆتۆمبیلێک لە نووسینگەیەکی مامەڵەی ئۆتۆمبیل دەکڕدرێت، نووسینگە هەموو پێویستییەکان بۆ VicRoads دەنێرێت.

### تێچوونەکان:

- تێچوونی سپاردن و گواستنەوە
- تێچوونی باجی ئۆتۆمبیلی ماتۆڕیی

تێچوونەکان دەکرێ بە شێوەی سەرهێڵ لە **vicroads.vic.gov.au** یان لە ڕێگای پەیوەندی کردن بە 71 11 13 بژمێردرێن.

### بەڵگەی شیاویەتی (توانستی) لێخوڕین

- کاتێ کە ئۆتۆمبیلێکی تۆمار کراو دەفرۆشرێت یان ئەگەر ئۆتۆمبیلێکی بەکارهێنراو دیسان تۆمار بکرێت، پێویستە.
- تەنیا دەکرێ لەلایەن تاقیکارێکی (تێستەر) ڕێگەپێدراوی ئۆتۆمبیل و پەسەندکراو لەلایەن VicRoads دەرچێت.
- پشکنینی ئۆتۆمبیل بۆ دڵنیابوونەوەیە لە بێمەترسی بوون لە کاتی بەکارهێنان لە جادەکاندا.
- بەو واتایە نییە کە ئۆتۆمبیل لە چاکترین بارودۆخی خۆی دایە و بە بێ هیچ جۆرە عەیبێکە و ئەو بەشانەی کە پێوەندییان بە دڵنیایی و مەترسیداربوون نییە کار دەکەن.
- بۆ ماوەی 30 ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرچوونەوە بڕواداری هەیە.

## کڕینی ئۆتۆمبیلێ کە تۆمار نەکراوە

### کاتی کڕینی ئۆتۆمبیلێکی تۆمار نەکراو ئێوە دەبێت:

- پەڕاوەیەکی خاوەن واژۆ و ڕێکەوت لە فرۆشیار وەرگرن کە بریتی بێت لە جۆری ئۆتۆمبیل، مۆدێل و ژمارە پێناسی ئۆتۆمبیل (VIN) و بریتی بێت لە ناو و ناونیشانی ئێوە و فرۆشیار.
- کاری پێویست بۆ مۆڵەتێکی ئۆتومبیلی تۆمار نەکراو جێبەجی بکەن.
- بەڵگەیەکی شیاوێتی لێخوڕین وەرگرن.
- هەندێ بەڵگە لەسەر تۆمارەکانی پێشتری ئۆتومبیل وەک بەڵگەیەکی تۆماری پێشتر پێشکەش بکەن.
- کاتێکی چاوپێکەوتنی تۆمارکردن رزێرڤ بکەن و ئۆتومبیلەکە بۆ پشکنین ببەن بۆ ناوەندیی خزمەتگوزاریی مشتەری VicRoads (بۆ تۆمارکردنی ئۆتۆمبیل تەمەنی ئێوە دەبێت 17 ساڵ یان زیاتر بێت).

**مۆڵەتی ئۆتۆمبیلی تۆمار نەکراو**

پێش لێخوڕینی ئۆتۆمبیلێکی تۆمار نەکراو بە مەبەستی چاکوکردنەوە یان هەڵسەنگاندنی بۆ بەڵگەی شیاوێتی لێخوڕین، ئێوە دەبێت مۆڵەتێکی ئۆتۆمبیلی تۆمار نەکراو وەرگرن:

- ئەم مۆڵەتە بە ئێوە ڕێگە دەدات کە ئێوە بۆ وەرگرتنی بەڵگەیەکی شیاوێتی لێخوڕین و ئامادەکردنی ئۆتۆمبیل بۆ تۆمارکردن، لە جادەدا لێخوڕن.
- ئەم مۆڵەتە دەکرێ لە ڕێگای پەیوەندی لەگەڵ VicRoads بە ژمارەی 71 11 13 یان لە هەر ناوەندێکی خزمەتگوزاریی مشتەری VicRoads بکڕدرێت. ئێوە دەبێت شرۆڤەیەک لە ئۆتۆمبیل و ژمارە ماتۆڕ یان ژمارە پێناسی ئۆتۆمبیل (VIN) پێشکەش بکەن.
- لێخوڕینی ئۆتۆمبیلێکی تۆمار نەکراو بە بێ مۆڵەتی ئۆتۆمبیلی تۆمار نەکراو تاوانە، مەگەر ئەوەی کە ئێوە چاوپێکەوتنێکتان هەبێت و خەریکی لێخوڕین بن بەرەو VicRoads بۆ تۆمارکردنی ئەوە.

## بۆ تۆمارکردنی ئۆتۆمبیل ئێوە دەبێت:

### کاتێکی چاوپێکەوتن رزێرڤ بکەن:

- بە ژمارەی 71 11 13 پەیوەندی بکەن بە VicRoads (تەنیا پارەدان بە Visa یان MasterCard) یان سەردانی ناوەندیی خزمەتگوزاریی مشتەری VicRoads بکەن (پارەدانی نەختی، چەک، EFTPOS، Visa یان MasterCard) تاکو چاوپێکەوتن رزێرڤ بکەن و تێچوونەکانی بدەن.
- کاتی رزێرڤی کاتێکی چاوپێکەوتن ئێوە پێویستتان بە ژمارەی پێناسی ئۆتۆمبیل (VIN)، ژمارە ماتۆڕ و ژمارە پلاک (ئەگەر دەکرێت) هەیە.

### لە کاتی ئامادەبوون لەسەر چاوپێکەوتنی خۆتاندا:

- ئۆتۆمبیلەکە بۆ پشکنین بهێنن.
- بەڵگەیەکی شیاوێتی لێخوڕینی بروادار پێشکەش بکەن.
- بەڵگەکانی پێناسی خۆتان پێشکەش بکەن (بڕوانامەی لێخوڕین یان سایەقی پێویستە، یان ئەگەر بڕوانامەتان نییە، دەبێت هەندێ بەڵگەنامەی پێناسی جیاواز پێشکەش بکەن).
- پەڕاوەی کڕینی خۆتان بهێنن تاکو پیشان بدات کە ئێوە لە باری یاساییەوە دەتوانن ئۆتۆمبیلەکە تۆمار بکەن
- ئەگەر کارتی داشکاندنتان هەیە VicRoads ئاگادار بکەنەوە.
- تێچوونەکان بدەن.

### تێچوونەکان:

- تێچوونی تۆمارکردن (نرخی داشکاندن هەیە)
- تێچوونی دەرکردنی پلاک (ئەگەر پێویست بوو)
- تێچوونی پشکنین (ئەگەر پێویست بوو، بە شێوەی ئاسایی لە کاتی رزێرڤی کاتی چاوپێکەوتن دەدرێت)
- تێچوونی قومیسیۆنی پێکدادانی هاتوچۆ (ئینشورانسی زۆرەملێ زیانی تاکەکەسی کەسی سێیەم)
- تێچوونی باجی ئۆتۆمبیلی ماتۆڕی

تێچوونەکان دەکرێ بە شێوەی سەرهێڵ لە **vicroads.vic.gov.au** یان لە ڕێگای پەیوەندی کردن بە 71 11 13 بژمێردرێن.

بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی زیاتر سەردانی **vicroads.vic.gov.au** بکەن یان بە ژمارەی **71 11 13** پەیوەندی بکەن یان سەردانی ناوەندیی خزمەتگوزاریی مشتەری VicRoads بکەن.

زانیارییە پێشکەشکراوەکانی ناو ئەم پەڕەیە لە کاتی چاپدا ڕاستن و ڕەنگە لە داهاتوودا بگۆڕدرێن.

VRPIN02900 Buying and Registering a Car – Kurdish Authorised by VicRoads, 60 Denmark Street, Kew, 3101

State Government Victoria

vicroads

keeping victorians connected